# ئەبوبەکر مودەڕسی: خەباتی خەڵکی کورد بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییەکانی تەنیا لە چوارچێوەی مەسەلەی هەڵبژاردن و تەعامولی یاسایی لە نێو کۆماری ئیسلامیدا قەتیس نەکراوە



ئەبووبەکر مودەڕسی

**وتووێژی ماڵپەڕی خۆرهەڵات نیوز لەگەڵ ئەبوبەکری مودەڕسی ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (شایانی باسە ئەم وتوێژە بەر لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات ئەنجام دراوە)**

**پرسیار: باروودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری نێوخۆیی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟**

**ئەبوبەکری مودەڕسی:** کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە زووەوە لە گەڵ کۆمەڵێک کێشەی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری بە ڕەوڕووبۆتەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کێشانە ئەگەر خراپتر نەبووبن چارەسەریش نەبوون. ئەگەر بە کورتی باسی ئەو کێشانە بکەم دەبێ بڵێم لە باری سیاسییەوە ئێستا کۆماری ئیسلامی لە گەڵ شەپۆلێکی زۆر گەورەی ناڕەزایەتی لە نێو چین و توێژەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگای ئێراندا ڕووبەڕوو بۆتەوە لە نێو ژناندا، لە نێو کرێکاندا، لە نێو موعەلیماندا، لە نێو لە نەتەوە بن دەستەکاندا بە تایبەتی ناڕەزایەتییەکی گشتی هەیە کە ئەو کێشانە ڕاست بەرەوڕووی بنەماکانی حکوومەتی ئیسلامی دەبێتەوە. ئەو ناڕەزایەتیانە لە هەلومەرجێکدا نین کە بخرێنەوە سەر یەک و ڕێبەری بکرێت و بەیەکەوە هێزێکی گەورە دروست بکەن بۆ فشار و بەربەرەکانییەکی بە هێز بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بەدژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕانی ئەو حکومەتە. دەبێ دان بەوەدا بنێین کەخودی ناڕەزایەتیەکە هەیە تەنانەت بە بڕوای من پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پسپۆڕانەش نیە ئەگەر زۆر بە ئاسایی گوێ بدەی بە هەواڵەکانی ئێران و بۆ مانگێک بەدواداچوونی بۆبکەی، زۆر بە جوانی بۆت دەردەکەوێ ئەو کێشانە بوونیان هەیە. کرێکاران بە نیسبەت مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان بێجگە لە وەزعییەتی ئابووری و ژیانیان، ناڕەزایەتیان هەیە. سەندیکای سەربەخۆ ناتوانن دروست کەن و ئەگەر دروستی دەکەن لەژێر گوشاردان، بەڵام سەرەڕای ئەوە تەسلیم نابن و تەنانەت لە زیندانیش ڕاگەیاندن دەدەن.

ڕووناکبیران و خوێندکارانی ئێران هەر بەوجۆرە بە نیسبەت زۆریەک لە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتیان هەیەو ئەو بنەما و بەهایانە بە پاوانخوازی و دیکتاتۆرییەت ناوزەد دەکەن و خوازیاری گۆڕینی ئەوانەن و بزووتنەوەکەشیان بەردەوامە و جاری وایە کەم دەبێتەوە و جاری واشە زۆرتر دەبێ. ژنانیش هەر بەوشێوە دەتوانین نموونە بێنینەوە کە لە خەباتی نەپساوەی خۆیان هەم بۆ چاکتر کردنی بارووذۆخی ژیانیان و هەم فشار بۆ گۆڕینی زۆر یاسای دژە ژن و حەول دان بۆ یەکسانی و بەرابەری بەردەوامن. لە لایەکی دیکەوە مامۆستایان بە بڕاوی من لەو ساڵانەی دواییدا بە تایبەتی شەپۆلێکی گەورەی وەخەبەر هاتنی نەتەوەیی رووی تێکردوون. بە گشتی ڕەنگە لە نێو ئەواندا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر کۆنترە و ناگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵی ئەخیر و خەباتەکەیان لەم ساڵانەدا هەر بەردەوام بووە. بەڵام ڕەنگە پرسێک کە ئێستا دەتوانین باسی بکەین خەباتی خودی ئەو نەتەوەیە، واتە نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی کە ئیتر بە تەنیا نیە. ئازەرییەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان دەستیان پێکردووە و باس لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و داخوازییەکانیان دەکەن، ئەگەرچی ڕەنگە لە نێو ئەواندا هێشتا ئەو پوختەگی و ئەو حیزبە سیاسیە کە بتوانێ بە شێوەیەکی شەفاف و ڕوون ئەو خواستانە بێنێتە گۆڕێ و ئەو جۆرەی کە لە نێو گەلی کوردا هەیە، هێشتا لە نێو ئەواندا وەدی نەهاتووە، بەڵام گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەڕاستی بوونی تەجەموعێك و هاوکاری و ئیئتلافێکی زەرووری کردووە و لە پێناو ئەویشدا، ئەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکهاتووە و بە تایبەتی لەو ماوەیەی ئەخیردا چالاکی بووەو توانیان لە کۆبوونەوەیەك کە لەلایەن کۆمەڵێك لە پارلەمانتارانی ئورووپاوە ساز کرا، بەشداری بکەن و دەنگی بەرهەڵستکاری خۆیان بە هەموو ڕۆژئاوا بگەیەنن .

لە لایەکی دیکەوە لە باری کۆمەڵایەتیشەوە کۆماری ئیسلامی تووشی کێشەیە. دژە کولتورێکی بەهێز لە نێو ئەو ڕژیمەدا سەریهەڵداوە و ڕیشەی داکوتاوە. ئەو کولتورەی کۆماری ئیسلامی بە زۆر لە سەرەوە دەیهەوێ بیسەپێنێ، چ لە جیایی نێوان ژن و پیاو و چ لە مەسەلەی هەڵسوکەوت و بەرخوردی کۆمەڵگا بە منداڵان، بە ئایین، هەموو ئەوانە ئەو دژە کولتورەیە کە لە ئەساسی خۆیدا کولتورێك یان بە واتایەکی تر، ئاڵتێرناتیوی ئازادیخوازانە و مەدەنیان لە بەرانبەریدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێو گۆشە و ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پەرەدەستێنێ و دژوازی نێوان کولتوری حاکم یان فەرهەنگی دەسەڵاتداران لەگەڵ پەرەسەندنی فەرهەنگی ئازادیخوازانەی نێو کۆمەڵگا دەخاتە ڕوو کە زۆر جیاوازە.

کۆماری ئیسلامی لە بواری ئابوریشەوە هەر وا تووشی کێشەی زۆر قووڵە، بە تایبەتی ئەو کێشە ئابووریانەی لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد بە هۆی بڕیاری ناپسپۆڕانە لە بارەی شتی زۆر ئاساییدا کە جێکەوتووە، ئێستا لە دنیای ئەورۆکانێدا قوڵتر بۆتەوە و ئێرانی لەو بوارەدا بەڕاستی توشی کۆمەڵێك کێشە کردووە. ئیتر زۆر ئاشکرایە کە کرێی کرێکاران جاری وایە بە شەش مانگ تەنانەت هەندێ جار بە ساڵێك نادرێ . هەڵاوسان و چوونە سەری سەرسوڕهێنەری نرخی پێداویستیەکانی ژیان، وادیارە هیچ کۆنترۆڵێکی بە سەرەوە نیەو بێ کۆنترۆڵ دەڕوا و بەردەوام خەتی هەژاری و فەقیری دەباتە سەرێ. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرتر لە خەڵکی ئێران دەخاتە ژێر ئەو خەتە و لە پانتای بەرهەمهێنان ، بە تایبەتی ئەگەر تەماشا بکەین تەنانەت پیشەسازی زۆر سونەتی ئێران وەکوو پیشەسازی پارچە بافی ئیسفەهان، وەك پیشەسازی ڕستن و چنین لە باکوری ئێران، ئەوانە هەر لە سەردەمی مەشرووتەوە ئەوەلین گەشەکانی پیشەسازی لە ئێران بوون کە دامەزراون و توانیویانە تا ڕادەیەك بازاری ناوخۆیی بە دەستەوە بگرن و سەرەڕای قەیرانگەلێك کە هاتوون و ڕۆشتوون و ئەو بەرز و نزمیانەی کە ئابووریی ئێران تووشی بووە، توانیویانە خۆیان لە سەرپێ ڕاگرن. بەڵام ئێستا یەك لە دوای یەك دادەخرێن و کرێکارەکانیان دەر دەکەن، بۆیە کێشەی زۆر گەورەی ئابووری هەیە. ئەوە بارودۆخێکە کە لە ئێراندا دەیبینین سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئێران بەرەی خەڵك بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە نەتەوە بندەستەکانیەوە، بە خەباتی بەرهەڵستکارانەی ڕووناکبیران، کرێکاران و موعەلیماندا، هێشتاکانێ لەو موشکیلە ئەساسیانە ڕزگاری نەبووە. کۆسپی سەرەکی تێیدا، خستنەوەسەریەکی ئەو ناڕەزایەتیانەو پێویستی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەرییە بۆ هەڵپێچانی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسی ئێران .

**پرسیار: وەك ئاگادارن ئۆباما داوای دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەکات، پێتان وایە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر تاران گۆڕانی بەسەردا هاتبێ یان ئەوەی تەنیا بە مەبەستی بڕینی بیانووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یە لەو کاتەی کە ئەگەر بێت و ئیسرایل هێرش بکاتە سەر ئەو وڵاتە و دواتر بە ڕاشکاوانە باس لەوە بکات کە ئێمە ڕێگای ئاشتیمان گرتەبەر بەڵام لایەنی بەرانبەر داواکاریەکەی پشت گوێخست؟**

مودەڕسی: ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆشی کۆمەڵێك کێشەی هەیە کە ئەوە زۆری باس کراوە تەنانەت لێرە پێویستە هەر بە کورتی ئیشارەیەکی پێبکەم، کێشەی چالاکییەکانی ئێران بۆ بە دەست هێنانی چەکی ئەتۆمی، کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە ئێرانی بەرەوڕووی نیزامەکەی خۆی کردووە هەم لە ناوچەکەدا لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی و هەروەها لەگەڵ جیرانەکانی خۆی و هەم لە ئاستی دنیادا بە تایبەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و لە سەرەوەی هەموویان ئامریکا. ئەوە لە سەرەوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە ئێران هەیەتی لەگەڵ دەرەوە. ئەو کێشە دەرەکیانە تا پێش ئۆباما بە جۆرێکی دیکە هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکرا لە لایان ئامریکاوە، ئێستاکانێ بە هاتنە سەر کاری ئۆباما، باسی ئەوە کراوە، بەتایبەت ئیدارەی ئۆباما کە دەیهەوێ ڕاستەوخۆ لە سەر ئەو کێشانە لە گەڵ ئێران موزاکرە بکات. ئەوە لە دەرجەی ئەوەل مومکینە بۆ زۆر کەس وا دەربکەوێ کە ئەمریکا لە خەتی ئەسڵی سیاسیەتی دەرەکی تەنازولێکی کردووە. بە بڕوای من مەسەلەکە ئەوە نییە، مەسەلە تەنازول کردنی ئامریکا لە خەتی ئەسڵیی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە چالاکیی ئەتۆمیی ئێران نییە. جۆرێك ڕووتێکردنێکی جیاوازە لەگەڵ ئیدارەی پێشوو کە تەنانەت دەتوانێ بە قەولی فارسان کوتەنی عەرسە بە ئێران تەنگتریش بکا، لەبەر ئەوەی ئێستیکانێ موزاکەرەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران نەبووە و خەڵکی دیکە موزاکەرەیان کردووەو هاتوونەتەوە و گوزارشتیان داوە، کاتێکی یەکجار زۆری پێچووە. تا ئێستاش هەر وا هاتۆتە پێشێ بەو هاتووچۆیانە کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێران کاتێکی زۆر بە دەست بێنێ بۆ تەفرەدانی ڕۆژئاوا و ئامریکا. لەوە بە دوا بە هاتنی ئۆباما، ئەگەر ئەوان بتوانن ئێران بیننە سەر میزی موزاکەرە و دانووستان، من پێم وایە ئێران ئەو دەرفەتە لە دەست دەدا و ناچارە هەڵوێستێکی ڕوون و شەفاف بگرێ. هەموو نیشانەکان باسی ئەوە دەکا نە ئامریکا حازرە بە قەبووڵ کردنی ئێران وەك هیزیکی ئەتۆمی، نە تا ئێستاش حکوومەتی ئێرانیش حازرە لەو بارەوە تەنازولێك بکات. بەم پێیە ئەسڵی کێشەکە حەل نابێ، بەڵام بە بڕوای من سەریعتر و لە کاتێکی کەمتردا دەڕوا بەرەو تەنانەت دوو جەمسەر بوونی نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا: لە لایەك هەڵوێستی ئێران بۆ پێداگری زۆرتر لە سەر چالاکییەکانی بۆ بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوێستی ئامریکا و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەوانە. جارێکی دیکە لە کۆتایی ئەم دانوستانانەدا ئێمە لەگەڵ دەرگای توند کردنی بایکۆتی ئابووری لە دژی ئێران ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە دەتوانێ سناریۆیەکی زاڵ بێ ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، پێشی بینی ئەوەی کە دەقیقەن بە چ ڕێگایەکدا دەڕوا ئەو دانووستانە و چ فۆڕمێك پەیدا دەکا، زۆر ئەستەمە بۆ ئێمە کە لە ئێستاوە باسی بکەین. ئەمن بەگشتی ئەو دانووستانانە لە ئاراستەی تەنازولی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئێراندا نایبینم .

**پرسیار: وەك دەزانن تا ئێستا لایەنی ڕیفۆڕمخوازەکان دوو کەسیان کاندیدا کرووە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەر کۆماری، مەهدی کەڕوبی و میر موحسن موسەوی و لایەنی پاوانخوازەکانیش کاندیداتۆری موحسنی ڕەزایی و ئەحمەدی نەژاد ئاشکرا کردووە. هۆکاری ئەو پرش و بڵاوی و یەکدەنگ و یەکدەست نەبوونی ئەو دوو بەرەیە لە چی دا دەبینن؟**

مودەڕسی: بەگشتی ئەوەڵەن ئەو کێشانەی کە بە جۆرێك لەمەسەلەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێراندا ڕەنگ دەداتەوە و لە قسەکانی کاندیداکان بەرامبەر بە یەکتر و لە هەموو ئەو گێرە و کێشەی کە هەیە و میدیاکانی ئێران باسی لێدەکەن، من پێم وایە ئەوانە واقیعین و کێشەی واقعین و بە قەولی مەعرووف زەرگەری نین. تەنانەت لە نێوان خودی ئوسولگەراکاندا بە ئاشکرا دەبینین تەوافوقێك وجوودی نیە لە سەر ئەحمەدی نژاد و تا ئێستاش ئەو ئیجماعە پێك نەهاتووە لە دەوروبەری ئەحمەدی نژاد و خەڵکی دیکە ناو بە ناو مەترەح دەبن لە بەرەی ئوسولگەرایان.

بەرەی ڕیفۆڕمخوازی لە ئێران بەگشتی وەك بزوتنەوەیەك واتە هاوکات هەم وەك ڕەوتێك لە نێو دەسەڵاتدا و لە نێو بەرەی دەسەڵاتدا یان لە نێو توێژی حاکم لە ئێراندا و هەم وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە خوارەوە، ئەو ڕەوتە بەتایبەتی لایەنی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی بە بڕوای من نەماوە و تووشی شکست و هەرەس هێنانێکی گەورە بوون. لە کۆتایی دەورەی دووەمی خاتەمی ئەوە بە ئاشکرا دەبیندرا. ئەو ڕەوتە بە تایبەتی نوێنەرانی لە دەسەڵاتدا کە هەم دەسەڵاتی ئیجراییان بە دەستەوە بوو، هەم پاڕلمانیان بە دەستەوە بوو، بێ توانایی خۆیان لە بردنەسەری ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان بە خەڵك و بریتی بوو لە گۆڕانی لانیکەم چەندین یاسای کۆماری ئیسلامی و ئەوان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندبوو کە دەبێ بگۆڕن، بێ تواناییان لەوەی کە گۆڕانەکانیان بە ئیستلاح نەهادینە بکەن و ئەو گۆڕانانەی کە قەولیان دابوو نە تەنیا ئەوەیان نەکرد بەڵکو نەیانتوانی شتی زۆر چکۆلەتر لەوەش بکەن تەنانەت نەیانتوانی یاسای ڕۆژنامەگەری بگۆڕن.

پاشان لە بەشێکی زۆری ئەوانە بە دروستیش کەوتۆتەوە ئەستۆی خاتەمی وەك بەرچاوترین ڕەواڵەتی ڕیفۆڕمخوازان بەڵام خودی ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی ڕاستییەکەی پەیوەندییەکانی، پەیوەندییە سیاسیە مێژووییەکانی لەگەڵ گشتییەتی دەسەڵات و کۆماری ئیسلامی زۆرتر بوو تا پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان. ئەمەی دووهەمی قوربانیی ئەوەی نەیتوانی پەیامهێنەری ئەم گۆڕانە بێ، ئەوە تەبعەن خەڵکی بێ هیوا کرد لە ڕیفۆڕمخوازان و ئاکامی دواتریشی بەتایبەتی دوای خۆکشانەوەی خاتەمی، ئەوە بوو کە ڕیفۆڕمخوازان تەنانەت نەیانتوانیوە ڕواڵەتێکی ناسراوی خۆشیان وەك نوێنەر بناسێنن بە خەڵك بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری . میرحوسێنی مووسەوی کە بۆ خۆی ئیدعا دەکا نە هیچ پێشینەیەکی ڕیفۆڕمخوازی هەیە، ئێستا قسەی ئەوان دەکا، لە هەمان کاتدا دەیهەوێ قسەی ئوسولگەرایانیش بکات. کەڕووبی کە زۆر کەس بە جیدی نایگرێ، ڕابردوو و کارنامەی پێشووی نیشانیداوە کە لە سەر قەول و بەڵێنیەکانی خۆی پێداگری ناکات و بە شێوەیەکی هەڵپەرەستانە هەڵسوکەوت دەکات تەنانەت بەو دروشمانەی کە ئێستاس داویەتی. هەر بۆیە ئەم هەڵبژاردنانە لە ئاکامدا بە بڕوای من هەڵبژاردنێکی دوو جەمسەری بەو واتایەی کە ئێمە دە ساڵ لەوەپێش لە ئێران دیتمان لە بەینی ڕەوتی ڕیفۆڕمخواز و ڕەوتی موحافزەکاردا نیە. ئەم هەڵبژاردنانە زۆرتر کێشەکانی نێو خودی دەسەڵاتە کە دروشمی ڕیفۆڕمخوازی لێرەو لەوێ بەدەستەوە دەگرێ بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران، بەڵام بە شێوەی جدی لەگەڵ هەڵبژاردنێکی دوو جەمسەری ڕووبەڕوو نین. بەم پێیە ئاکامەکان و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی هەر کام لەو کاندیدایانەی کە ئێستا دیارن کێن، واتە میرحوسێنی مووسەوی، کەڕووبی و لە ئاکامدا ئەحمەدی نژاد چاوەڕوانی گۆڕانێکی ئەساسی لە کۆماری ئیسلامی ناکرێ. بە بڕوای من ئەو گۆڕانە لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە نایەت و ئەگەر گۆڕان لە کۆماری ئیسلامی بکرێ، لە دەرەوەی ئەو هەڵبژاردنانە و لە خودی بزووتنەوەی خەڵکە .

**پرسیار:ئێوە وەکوو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی تەحریمی ئەو ئینتخاباتە دەکەن ؟**

لە ئەمڕۆوە ١٥ ڕۆژی ماوە بۆ موڵەتی خۆ کاندید کردن ئێمە بە ئیحتیمالی قەوی تا ئەو کاتە ڕادەوەستین ئێستا کەمێك زووە بۆ ئەوەی کەمپەینێك وەڕێبخەین، ئەو کەمپەینە ئەگەر وەزعییەتی هەڵبژاردنەکان هەر بەو ئاقارەدا بڕوا بێ گومان بریتی نابێ لە هاندانی خەڵك بۆ بەشداری کردن چون هیچ کام لەو کاندیدانە لانی کەمی داخوازییەکانی خەڵکی کوردیشان وەك درووشمی خۆیان و بەرنامەی ئینتخاباتی خۆیان بەرز نەکردووەتەوە نە لە ئاستی سەرتاسەری داخوازییە گشتییەکانی ئێرانیش باسی ئاڵوگۆڕێك لە ئارا دایە کە خەڵکی کوردیش پێی وابێ هەلومەرجی خەباتی ئەوان سادەتر دەبێ، بۆیەش بۆ ئێمە وەك کۆمەڵە دروشمی ئینتخاب لە بەینی خراپ و خراپتر بەو جۆرەی کە لە گوتاری زۆرییەك لە میدیاکانی ئیسلاح تەڵەبانی پێشوو یان ئێستا مەترەحە ناتوانێ مەترەح بێ چون خەباتی خەڵکی کورد بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییەکانی خۆی بە هیچ شێوەیەك گرێ نەدراوە بە ساخت و ساز و میکانیزمەکانی دەروونیی کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی هەرەزۆری کاتدا لە موقابلی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سیاسیی ئێران قەراری گرتووە .

تەعامول کردن یان بە جۆرێك هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر ئەو ئیمکاناتەش کە کەمپەینێکی تەبلیغاتی دەدا وەك ئەسڵ ئێمە ڕەدی ناکەینەوە بەڵام بۆخۆم پێم وا نیە کە ئەوە ئیمکانێکی واقعی و بە کردەوە بێ و دەرگایەك لەو بارەوە بکرێتەوە بەرەوڕووی خەڵکی کورد، ئەوەی کە لەو بوارەشدا خەباتی خۆیان درێژە بدەن، من شور و شەوقێك لە نێو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا نابینم بۆ بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنانە.

**پرسیار: ئەگەر کاندیدێکی لایەق بێ ئێوە پیشتیوانی لێدەکەن ؟**

مودەڕسی: لە باری تێئۆریکەوە بەڵێ ئەوە تەنیا لە باری تێئۆریکەوە، بەڵام مەسەلەی بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان وەك ئەسڵێکی پڕەنسیپی نازانم. ڕاستیەکەی هەر دوکیان دەتوانن لە دوو بارووذۆخی لێك جیاوازدا خزمەت بکەن بە خەباتی خەڵکی کورد. بەداخەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی بە خاتری ئەوەی کە هەڵبژاردن لە گشتییەتی فەزای سیاسیی کۆمەڵگای ئێران بە تەواوی نادێمۆکراتیکە و هەڵبژاردنەکان لە هەر جۆرە هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتیك و ئازاد بە دوورە، ئیمکانی ئەوە بە کورد، بە بزووتنەوەی خەڵکی کورد و حیزبە سیاسیەکانیش نادا تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتی بە بەشداریان لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکان بتوانن بە خەباتی سیاسیی خەڵکی کورد بە جۆریك یارمەتی بکەن بۆ گەشە کردن و پەرە سەندنی. بۆیە زۆرتر ئاڵتێرناتیوێکە بۆ کاردانەوە لە بەرانبەر بارودۆخێکی وادا بایکۆت کردن بوو. پێموایە ئەو هەڵبژاردنانەش هەر بە ئاقارێکی ئاوادا دەڕوات.

**پرسیار: ئەوە تەسەوری جەنابتە یا قسەی کۆمەڵەیە ؟**

مودەڕسی: بەڵێ ڕەئی منە. ئێمە لە سیاسەتی ڕاگەیاندنیماندا لەبابەت هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێستا تەئکیدی بنەڕەتیمان لە سەر نادێمۆکراتیك بوونی ئەو هەڵبژاردنانە و لە سەر کەموکوڕییەکانی ئەو هەڵبژاردنانە بە پێوەرەکانی دێمۆکراسی ناسراو لە دنیا تەکیەمان کردووە و ئەوە تەوەری ئەسڵی سیاسەتی ئێمە بووە لە هەڵبژاردنەکاندا. خودی ئەوانەش لە ئاکامدا هەر دەبێتەوە بە بەشداری نەکردن .

من لام وایە ڕوانگەی تا ئێستای کۆمەڵە بە نیسبەت هەڵبژاردنەوە، ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیك نەبووە، لەبەر ئەوە کە گوایە حکومەتێکی دیکتاتۆرییە و هەڵبژاردنەکانی، هەڵبژاردنێکی نادێمۆکراتیکە، بەوەی کە تۆ ناتوانی بەشداری بکەی، بەشداری کردن و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن دەبێ لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بابەتی لە بارودۆخەکە بێ . ئایا بەشداری کردن دەتوانێ بە خەبات و بزووتنەوەی ئەو خەڵکە یارمەتی بدا، یان بەشداری نەکردن؟ لە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکاندا بەداخەوە بەشداری نەکردن بوو، ئەوە شتێك نیە کە خەڵك زۆری پێ خۆش بێ و یا ئەحزابی سیاسی زۆریان پێخۆشە. کەوایە باشترین حاڵەت ئەوە بووە کە لە عەینی حاڵ کە خەباتێکی سیاسی، جەماوەری لە دەرەوەی مەسەلەی هەڵبژاردن و پاڕلەمان و لە ئەو سوخت و سازانەی لە سەرەوە لە نێو دەسەڵات هەیە دەکەی، باشتر ئەوە بوو لەو بوارەشدا تۆ ڕێگات هەبێ و ئیمکانت هەبێ بۆ ئەوەی بتوانی ئەو خەباتە لە ڕەهەندەکانی دیکەوە درێژەی بدەی، حاڵەتێکی ئاوا کە ئێستا لە تورکییە هەیە. بەڵام ئەو حاڵەتە لە ئێران نەبووە تا ئێستا و پێشم وانیە لەوە بە دواش بێ . لە تورکییە کۆمەڵێك سیستم هەیە کە فەزای دێمۆکراتیك تا ڕادەیەك زیاتر دەکات و کەسێك کە بوو بە سەرکۆمار، بە پێی سیاسەتی حیزبەکەی دەتوانێ کۆمەڵێك گۆڕانکاری بکات، بەڵام مێژووی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سەلماندویە سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە چونکە لە سەرەوەی هەموو بڕیارەکان وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە هەیە .

**پرسیار: بەرای بەڕێزتان سەرکۆمار دەتوانێ گۆڕانکاری سازبکات ؟**

مودەڕسی : من پێم وایە لە بنەڕەتدا گۆڕانکاری لە کۆماری ئیسلامیدا لە سەرەوە ڕوو نادا. ئەو گۆڕانە بە ڕای من لە خوارەوەیە، خەباتی خەڵکی ئێرانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، شەرتی هەر گۆڕانکارییەکی قایم لە نیزامی سیاسی و هەر دەسکەوتێکی دێمۆکراتیك نەمانی خودی ئەو ڕژیمەیە، بە ڕەئی من ئەوە ئەسڵێکی ئەساسییە، بەڵام هەلومەرجێك کە تێیدا دەسەڵاتداران نەتوانن یەکگرتووانە ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە سەرکوت بکەن و تەعامولی لەگەڵ بکەن و دووبەرەکایەتی لە دەسەڵات درووست بێ، ئەوە شەرایەتیکی باش و لەبارە و خەڵك دەبێ بۆی تێبکۆشن. باسەکە ئەوە نیە کە سەرکۆمارێك دەتوانێ لە سەرەوە گۆڕانکاری بکات و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ ، ئەوە مومکین نیە، بەڵام کێشە لە سەرەوە و لە دەسەڵاتدا یارمەتی دەدا کە هیزی خەڵك لە خوارەوە تواناتر بتوانێ بێتە ناو پانتاکەوە..

**پرسیار: کەسانێك هەن لە ناوخۆوە داوا لە حیزبەکان دەکەن ئەو هەڵبژاردنانە تەحریم نەکەن، ڕای ئێوە چیە لەم بارەیەوە ؟**

تا ئێستا داوا کارییەکی ئاوا بە ڕەسمی لە کۆمەڵە نەکراوە و لە بنەڕەتدا من لە گەڵ ئەوە نیم. کۆمەڵە لەگەڵ ئەوە نیە کە لە هەڵبژاردنەکان حەتمەن دەبێ بەشداری بکەین چونکە ئیستدلالی ئەو کەسانەی کە لە هەر شەرایەتیکدا بەشداری لە هەڵبژاردن داوا دەکەن لە نێوان خراپ و کەمتر خراپدا ، کەمتر خراپەکە هەڵبژێرن، من پێم وایە ئەوە ئیستدلالێکی درووست نیە و هۆکاریکی کافی نیە بۆ بەشداری کردنی خەڵك. مکانیزمەکانی خەباتی خەڵك تا ئێستا سەربەخۆ لە هەڵبژاردن بووە. خەڵکی کورد خەباتێکی بەرینی سیاسی کردووە بۆ ماوەیەکی زۆر، خەباتی چەکدارانە بەشێکی زۆر لەو خەباتە سیاسیە بووە. لە داهاتووشدا ڕەنگە ئەوە ڕوو بداتەوە، کە واتە خەباتی خەڵکی کورد بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییەکانی تەنیا لەچوارچێوەی مەسەلەی هەڵبژاردن و تەعامولی یاسایی لە نێو کۆماری ئیسلامیدا قەتیس نەکراوە و نەیدەتوانی لەو بوارەدا کارێکی ئەوتۆ بکا چونکە نیزامی سیاسی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە داخراوترە و وەکوو تورکیەش نیە کە تا ڕادەیەك ئەو دەرگایە دەکاتەوە لەو بوارەدا، واتە خەبات سەربەخۆ بووە لە هەڵبژاردن .

**پرسیار: ئێوە حازرن لە گەڵ حیزبەکانی تری کوردستان و ئێران کە بیروباوەڕی لێك نزیکتان هەیە، بەیاننامەی هاوبەش بدەن ؟**

مودەڕسی: بێ شك ئەوە کارێکی زۆر باشە تەنانەت ئەگەر دەرئەنجامەکەشی ئەوە نەبێ. ڕاگەیاندراوی هاوبەشو نیزیك کردنەوەی هەڵوێستەکان لە یەکتر هەر باشە. ئەمن پێم وایە دەبێ بۆ ئەو مەسەلەیەش کار بکەین و ئەحزابی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە یەك هەڵوێستەوە ڕووبەڕوو ببنەوە لەگەڵ مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا .

*** ئەم وتوێژە سەرلەنوێ ئیدیت کراوەتەوە**